له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# فەزڵی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)

نوسینی : عبد المحسن بن حمد العباد البدر

وەرگێڕانی : زریان سەرچناری

چاپی یەکەم ١٤٣٢ ك

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ، اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ إرْضَ عَنْ الصَّحابَةِ الكِرامِ، وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحْسانِ، أَمّا بَعْدُ:

بەڕاستی نیعمەتەکانی خوای گەورە هێندە زۆرن بەسەر بەندەکانیەوە لە ژماردن نایەن، گەورەترین نیعمەتیش کە ڕژاندویەتی بەسەر جنۆکە و مرۆڤیش دا، ئەوەیە کە پێغەمبەری بەندەو خۆشەویست و هەڵبژێردراوی خۆی (**محمد**)ی ﷺ بۆ ڕەوانەکردون، تا لە تاریکی دەریان بهێنێت و بیانخاتە ڕوناکییەوە، وە ژێردەستەیی دروستکراوەکانەوە بیانبات بەرەو شکۆمەندی و بەندایەتی دروستکەری بەرزو بێگەرد کە الله یە، وە ببێتە ڕێ نیشاندەریان بۆ ڕێگای ڕزگار بون و بەختیاری، وە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە لە ڕێگای لە ناوچون و گومڕایەتی.

خوای گەورەش لە قورئاندا ئاماژەی کردووە بەو بەخششە مەزنەو ئەو نیعمەتە بێ پایانەی، کە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا

مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾ [آلِ عمران]

واتە: باوەڕداران مننەت باری چاکەی خودان، کە یەکێکی لە خۆیانی ناردووە پێغەمبەریان بێت، نیشانەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوەو بەپاکی ڕایاندەهێنێت، وە قورئان و کارزانییان فێردەکات، هەرچەندە کە لەپێش هاتنی ئەو لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٢٨﴾ [الفتح].

واتە: خوا زاتێکە کە پێغەمبەری خۆی بە قورئان و دینی حەقەوە ناردووە، تا ئەو دینەی خۆی بەسەر هەموو دینێکدا سەربخات، وە بەسە کە خوا شایەتی ئەمە بێت .

وە پێغەمبەریش (عَلَيْهِ أَفْضَلُ الصَّلاَةِ وَالسَّلاَمِ) پەیامەکەی خوای ڕاگەیاند، وە ئەو ئەمانەتەی لەسەری بو جێبەجێی کرد، وە ئوممەتەکەی ئامۆژگاری کرد بەتەواوی و بێ کەموکوڕی، مژدەی دابە گوێڕایەڵان و سەرپێچی کارانی ترساند، هەموو خێرو چاکەیەکی پێ ناساندن و ئاگاداری کردنەوە لە هەموو خراپەیەك، بۆیە ماوەیەك پێش وەفات کردنی ﷺ لەسەر کێوی عەرەفە ڕاوەستابوو خوای گەورەش ئەم ئایەتە پیرۆزەی بۆ دابەزاند، کە

دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣﴾ [المائدة].

واتە : ئا ئەمڕۆ دینی ئێوەم کامڵ کرد، وە نیعمەتی خۆم بۆ ئێوە تەواوکرد، وە ڕازی بووم کە ئیسلام ببێتە دینتان .

بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ زۆر سووربووە و هەوڵی داوە بۆ ڕزگاری و سەرفرازی ئوممەتەکەی، ئەوەتا خوای گەورە ئاماژە بەو ڕاستیە دەکات و ئەو تایبەتمەندیە بەرزەی کە خۆی پێی بەخشیوە ڕونی دەکاتەوەو دەفەرموێت: ﴿لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١٢٨﴾ [التوبة].

واتە : پێغەمبەرێکم بۆ ناردون لە خۆتانە، هەر بەڵایەکتان بەسەر بێت پێی ناخۆشەو لای گرانە، بۆ باوەڕدار زۆر بەڕەحم و میهرەبانە.

ئەو کارانەش کە پێغەمبەر ﷺ پێیان هەستاوە وەك: گەیاندنی پەیامی خواو، بەجێ گەیاندنی ئەمانەتی خوایی و ئامۆژگاری کردنی ئوممەتەکەی، مافێکی ئوممەتەکەی بووە لەسەری، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ٥٤﴾ [النور]

واتە: پێغەمبەریش لە ڕاگەیاندنی ئاشکرا بەولاوە هیچی تری لەسەر نییە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَهَلۡ عَلَى ٱلرُّسُلِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٣٥﴾﴾ [النحل].

واتە: ئایا پێغەمبەران بێجگە لە ڕاگەیاندنی ئاشکرا چی تریان لەسەرە؟

لەو بارەیەوە (ئیمامی البُخاري"ت ٢٥٦ هـ") ڕەحمەتی خوای لێبێت لە صەحیحەکەیدا گێڕاویێتیەوە کە (ئیمامی زُهري"ت ١٢٤ هـ") ڕەحمەتی خوای لێبێت گوتویەتی: (مِنَ اللهِ الرِّسَالةُ وعلى الرسولِ البلاغُ وعلينا التَّسليمُ) [١].

واتە : پەیامەکە لە لایەن خوای گەورەوەیە ، وە پێغەمبەرمان تەنها گەیاندنیانی لەسەرە، وە ئێمەش – وەکو موسوڵمان – تەنها پابەندبونمان لەسەرە.

بەڕاستی یەکێك لە نیشانەکانی سەرفرازی موسوڵمان ئەوەیە کە بە تەواوەتی پابەندی ئەو پەیامە بێت کە پێغەمبەر ﷺ هێناویێتی، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ﴿٦٥﴾﴾ [النساء]

---

[١] رواه البخاري في صحيحه معلقًا (٥٠٣/١٣) "فتح". وأخرجه الإمام البغوي في :"شرح السنة".

واتە: بەڵام سوێند بە پەروەردگاری تۆ، ئەوانە بڕوادارنابن، تاکو تۆ لە ناکۆکی خۆیاندا نەکەنە دادوەر، وە لە دوای داوەری کردنی تۆ، لە دڵی خۆیاندا هەست بەناڕەحەتی نەکەن، وە بەتەواوی ملکەچی داوەری تۆ ببن.

وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾[الأحزاب]

واتە: ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان بە هەرکارێك دا، هیچ پیاوو ژنێکی باوەڕدار نابێت پەسەندی نەکەن، هەر کەسێکیش لە فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی دەربچێت، گومڕا بووە گومڕابونێکی ئاشکرا.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾﴾[النور].

واتە: با ئەوانەی کە خۆیان لە فەرمانی پێغەمبەر دەدزنەوە ترسیان هەبێت کە بەڵایەکیان بەسەربێت، یان بەر سزایەکی بە ئازار بکەون.

## بەچی مەرجێك پەرستنەكان لەلای خوای گەورە وەردەگیرێن؟

كاتێك پەرستنەكان لەلای خوای گەورە وەردەگیرێن و سود دەگەیەنن بە خاوەنەكەی كە دوو بنەمای سەرەكییان تێدابێت:

**یەكەمیان:** (الإخلاص) واتادەبێت ئەو پەرستنە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورەبێت و بەشی هیچ كەسێكی تری تێدا نەبێت، چونكە خوای گەورە بێ هاوەڵە لە خاوەنداریێتیدا هەربۆیە دەبێت لە پەرستنە كانیشدا كەس نەكرێت بە شەریك و هاوبەشی، لەم بارەیەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴿١٨﴾﴾ [الجن].

واتە: بەڕاستی مزگەوت و سوژدەگاكان لەبۆ خودان، دەی لەگەڵ خودای گەورە هاوارمەكەرە هیچ كەسێكی تر.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِى وَنُسُكِى وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ﴿١٦٣﴾﴾ [الأنعام].

واتە: ئەی موحەممەد! بڵێ: بەڕاستی نوێژو سەربڕینی قوربانی و ژیان و مردنیشم تەنها بۆ خوای جیهانەكانە، كەهیچ هاوەڵێكی نییە.

**دووەمیان:** (الْمُتابعة) واتا دەبێت ئەو پەرستنەی كە تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام دەدرێت، بە گوێرەی ئەو شەریعەتەش بێت كە پێغەمبەرمان موحەممەد

ﷺ هێناویێتی، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٧﴾﴾[الحشر].

واتە: هەرچی پێغەمبەر بۆی هێناون وەریبگرن، وە هەرچیش نەهی لێکردوون مەیکەن.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾﴾ [آل عمران].

واتە: بڵێ: ئەی موسوڵمانان، ئەگەر ئێوە بەڕاستی خوای خۆتان خۆش دەوێت، دەسا شوێن ڕێبازی من بکەون، تاکو خوداش ئێوەی خۆش بوێت و لە تاوانەکانیشتان خۆش بێت.

وە پێغەمبەر ﷺ لەو فەرمودەیەدا کە بوخاری و موسلم گێڕاویانەتەوە، لە عائیشەوە(رضي الله عنها) کە دەڵێت، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ))(٢).

واتە: هەرکەس لەم دینەی ئێمەدا شتێك دابهێنێت کە لەدینەکەماندا نەبێت، ئەوا ئەوکارەی وەرنەگیراوە.

(٢) البخاري (٢٦٩٧)، ومسلم (١٧١٨) .

وە لەگێڕانەوەکەی (ئیمامی مُسلِم "ت ٢٦١ هـ") بەم شێوەیە هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيسَ عَلَيهِ أَمرُنا فَهوَ رَدٌّ))[٣].

واتە: هەرکەس کارێکی دینی ئەنجام بدات کە فەرمانی ئێمەی لەسەرنەبێت ئەوە ئەو کارەی ڕەت دەکرێتەوە.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((عَلَيكُمْ بِسُنَّتي وسُنّةِ الخُلَفاءَ الرّاشِدِينَ المَهدِيِينَ مِنْ بَعْدِي، عَضّوا عَلَيْها بِالنَّواجِذ، وَإِيّاكُمْ ومُحْدَثاتِ الأُمور، فَإِنّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ))[٤].

واتە: تەنها لەسەر ڕێڕەوی من و جێنشینە پێگەیشتوو هیدایەتدراوەکانم بڕۆن، بە ددانەکانتان توند ئەو ڕێبازە بگرن، نەکەن بکەونە شوێن شتە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێنراوێك لە دیندا بیدعەیە و سەرجەم بیدعەکانیش گومڕایین بەبێ جیاوازی.

جا چونکە ناردنی ئەو پێغەمبەرە ﷺ لە نیعمەتە هەرەگەورەکانی خوای گەورەیە بۆ ئیمانداران، ئیتر لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانی پێ کردوین کە صەڵات و سەلام بدەین لەسەری، ئەم فەرمانەش دوای ئاگادارکردنەوەمانە بەوەی کە خوای گەورە خۆی و فریشتە

---

[٣] مسلم (١٧١٨).

[٤] رواه الحاكم: وقال: صحيح ليس له علة، والترمذي وقال: حسن صحيح. وصححه الألباني.

کانیشـی صـەڵاوات دەدەن لەسـەری، خـوای گـەورە دەفـەرموێت:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦ ﴾ [الأحزاب].

واتە: بەڕاستی خواو مەلائیکەتەکانی درود دەنێرن بۆ پێغەمبەر، ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئێوەش صەلاّت و سەلامی لەسەربدەن.

وە پێغەمبـەریش ﷺ لـە سـوننەتە پاکەکەیـدا فـەزڵ و گـەورەیی و چـۆنێتی صەڵاواتدانی بۆ ڕون کردوینەتەوە، هەروەها حوکمەکانی تریشی بۆباس کردوین.

منیش لێرەدا باسی واتـەی صـەڵاوات و فـەزڵ و چۆنێتیەکەی دەکـەم پاشـان ئاماژە بەهەندێك کتێب دەکەم کە لەو بارەیەوە دانـراون، ئـیتر داوای دامـەزراوی و سەرکەوتن تەنها لەخوای گەورە دەکەم.

## واتای صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

(أبوالعالية"ت٩٣هـ") دەڵێت: (صَلاةُ اللهِ) ( درودی خوایی لەسەر پێغەمبەر ﷺ) واتە: وەسف و سەناکردنی پێغەمبەر ﷺ لەلایەن خوای گەورەوە لە لای فریشتەکان.

وە (صَلاةُ المَلائكةِ) (درودی فریشتەکان لەسەر پێغەمبەر ﷺ) واتە: دوعاکردن بۆی، هەروەها ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا دوای باس کردنی ئەو تەفسیرەی ئەبولعالیە بۆ واتای درودی فریشتەکان لەسەر پێغەمبەر ﷺ، لە سەرەتای بەشی: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ﴿٥٦﴾﴾ [الأحزاب].

فەرمویەتی: (يُصَلُّونَ) مانای(يُبَرِّكونَ) واتە: فریشتەکان داوای خێرو بەرەکەتی بۆ دەکەن لەخوای گەورە.

هەروەها درودی خوایی (صَلاةُ اللهِ) بە واتای (مَغْفِرة) لێخۆشبون دێت، وە بە واتا ڕەحمەتیش لێکدراوەتەوە، بەم شێوەیە(اِبنُ حَجَر العسقلاني"ت ٨٥٢ هـ") لە کتێبی(فتح الباري بشرح صحيح البخاري)دا گێڕاوێتیەوە لە کۆمەڵێك زاناوە، پاش ئەو گوتانە بەم شێوەیە تەفسیری درودی کردووە:

(وَأَوْلَى الْأَقْوَال مَا تَقَدَّمَ عَنْ أَبِي الْعَالِيَة أَنَّ مَعْنَى صَلَاة اللَّه عَلَى نَبِيّه ثَنَاؤُهُ عَلَيْهِ وَتَعْظِيمه، وَصَلَاة الْمَلَائِكَة وَغَيْرهمْ عَلَيْهِ طَلَب ذَلِكَ لَهُ مِنْ اللَّه تَعَالَى وَالْمُرَاد طَلَب الزِّيَادَة لَا طَلَب أَصْل الصَّلَاة).

هـەروەها (اِبْنُ حَجَر) دەفـەرموێت: (حُلَيْمِيّ "ت٤٠٣هـ") لـە كتـێبی (شُعَب)دا دەڵێت: (صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ واتا (تَعْظِيمَهُ) بەگەورەدانانی، كەواتە مانای(أَللّهُمَ صَلِّ على محمد) واتـە( عَظِّمْ محمد) ئـەی خـوای گـەورە موحەممـەد بـە گـەورە دابـنێ لـەم دنیایەدا بە بەرزكردنەوەی ناوەكەی، وە دەرخستنی دینەكەی، وە بەردەوامی بەخشین بـە شەریعەتەكەی، وە لەودنیاش بەگەورەی دابنێ بە زیادكردنی پاداشت بۆی، وە ڕێگەدان بە شەفاعەتكردنی بۆ ئوممەتەكەی، وە (شوێنە سوپاسكراوەكە)ی پـێ ببەخشـە واتـە (المَقَامُ المحمودِ)، ئەمەش مەبەستی ئەو فەرمانەی خوای گەورەیە﴿صَلُّواْ عَلَيۡهِ﴾ واتە:(أُدْعُوا رَبَّكُمْ بِالصَّلاةِ عَلَيِهِ) لەخوای گەورە بپاڕێنەوە لەگەڵ صەڵاواتدا.

هـەروەها (اِبْنُ القَيّم"ت٧٥١هـ") ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت، لـە كتـێبی (جَلاءُ الأفهامِ في الصَّلاةِ والسَّلامِ على خَيْرِ الأَنَامِ)دا لـە باسـی صـەڵاواتدانی خـوای گـەورە و فریشتەكان لە سەر پێغەمبەر ﷺ و فەرمان كردن لەلایەن خواوە بـە بەنـدە باوەڕدارەكـانی كە صەڵاوات بـدەن لەسـەری، دوای ئـەوەی بەرپەرچـی ئەوەدەداتـەوە كـە مانـای (الرحمة والاستغفار) بگەیەنێت.

دەفەرموێت: ئەو صەڵاواتەی کە فەرمان کراوە بدرێت لەسەر پێغەمبەر ﷺ لە سورەتی"ئەحزاب" دا، واتە داواکردن لە خوای گەورە ئەو صەڵاواتەی لەسەربدات کە خۆی پێی ڕاگەیاندوین، وە صەڵاواتدانی فریشتەکانیش واتە: وەصف و سەناکردنی، وە بەدەرخستنی گەورەیی و ڕێزی، وە خواستنی بەرێزی بۆی و نزیك بونەوەی لە خودا، کەواتە ئەو صەڵاواتە دووشت لە خۆ دەگرێت، (الخَبر والطَلب) هەواڵدان و داواکاری، ئەو پاڕانەوەو داواکردنەش کە دەیکەین لەلای ئێمە ناونراوە صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لە دوو ڕووەوە.

**یەکەمیان**: وەسف و سەناکردنی پێغەمبەرە ﷺ لەلایەن ئەو کەسەوە کە صەڵاواتی لە سەردەدات، وە ئاماژەکردنە بە ڕێزو گەورەییەکەی، وە بەو هۆیانەوە داوای خۆشویستنێتی لەلایەن خوای گەورەوە، کەواتە هەردوو هۆکارەکە لە خۆدەگرێت، هەواڵ و داواکاریش.

**دووەمیان**: وە بۆیە لەلای ئێمەش هەر ناونراوە صەڵاوات، چونکە ئێمە داوا دەکەین کە خوای گەورە صەڵاواتی لەسەربدات، وە صەڵاواتدانی خوای گەورەیش لەسەر پێغەمبەر ﷺ واتە: وەسف و سەناکردنی بۆ بەرزکردنەوەی ناوی و نزیك کردنەوەی، وە صەڵاواتدانی ئێمەیش داوا کردنە لە خوای گەورە کە ئەوانەی پێ ببەخشێت. تەواو.

## واتەی سەلام لەسەر پێغەمبەر ﷺ

دەربـارەی سـەلام لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ (التَّسليمُ على النَّبِي ﷺ ) ئـەوا( فَيروز آبادي"ت٨١٧هـ") لــە كتــێبی(الصِّـلات والبُشَـر فى الصـلاة علـى خـير البَشَـر) دا دەفەرموێت: واتای **سەلام** کە ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە، هەرکات ئەو سەلامە کرا لە پێغەمبەر ﷺ، وا لێك دەدەرێتەوە کە هیچ کات بەبێ خێرو بەرەکەت نەبێت، وە دوربێت لە خراپەو ناڕەحەتی، ئەگەر مەبەست پێی ناوی خوای گەورە بێت ئەوا لە کاتی هـەر کارێکدا ئەوناوە بهێنرێت بۆ پێشبینی کردنی واتای خێرو بەرەکەتە تیایدا، وە نـەمان و لەناوچـونی هۆکارەکانی کەموکوڕی و خراپی یە.

وە لەوانەشە کە سەلام بە واتەی(سَلامة) بێت، واتە خوای گەورە سـەلامەتیت پـێ ببەخشێت و پارێزراوت بکات لە هەموو کەموکوڕی و سەرزەنشت کردنێك.

کەواتـە ئەگـەر گوتمـان (اللّهُمَّ سَلِّم على محمد) بـەمانای: (اللّهُمّ أكْتُبْ لِمحمد في دَعوتِهِ وأُمّتِهِ وَذِكرِهِ السّلامةَ مِنْ كُلِّ نَقْصٍ، فَتَزدادُ دَعوتَهُ على مَمَرِّ الأيامِ علواً، وأُمّتِهِ تَكاثُراً، وذِكرِهِ اِرتِفاعاً).

واتە: خوای گەورە بۆ موحەممەدو بانگەوازەکەی و ئوممەتەکەیشـی سـەلامەتی و بێ کـەموکوڕی بنوسـە، ئـیتر بـە درێـژایی ڕۆژگـار بانگەوازەکـەی بـەرزو بڵنـد دەبێـت، وە ئوممەتەکەیشی لە زۆربوندا دەبێت و ناویشی لە بەرزبونەوەدا دەبێت.

## چۆنیەتی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

چۆنیەتی صەڵاواتدان و شێوازەکەی، پێغەمبەر ﷺ خۆی بۆ هاوەڵە بەڕێزەکانی ڕونکردۆتەوە کاتێك پرسیاریان لێکردبێت، ئەمەش لە چەندین ڕێگاوە پێمان گەیشتووە لە لایەن کۆمەڵێك لە هاوەڵانەوە ﷺ، لێرەدا تەنها باسی ئەو شێوازانەیان دەکەین کە لە صەحیحی (بوخاری و موسلم)دا ڕیوایەت کراوون یان لە یەکێکیاندا.

ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە لە بەشی(الأنبياء)دا، لە (عَبْدُ الرَّحْمَنِ ی کوڕی أَبِي لَيْلَى) وە گوتویەتی: قَالَ لَقِيَنِي كَعْبُ بْنُ عُجْرَةَ فَقَالَ أَلاَ أُهْدِي لَكَ هَدِيَّةً سَمِعْتُهَا مِنْ النَّبِيِّ ﷺ فَقُلْتُ بَلَى فَأَهْدِهَا لِي فَقَالَ سَأَلْنَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ الصَّلاَةُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ فَإِنَّ اللَّهَ قَدْ عَلَّمَنَا كَيْفَ نُسَلِّمُ عَلَيْكُمْ قَالَ قُولُوا : اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ.

واتە: گەیشتم بە کەعبی کوڕی عوجرە، پێی گوتم: دیاریەکت پێ ببەخشم کە لە پێغەمبەرم بیستوە ﷺ؟ منیش گوتم بەڵێ پێم ببەخشە، ئەویش گوتی: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر ﷺ گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، خوای گەورە فێری کردوین کە چۆن سەلام لە خۆت و کەسوکارەکەت بکەین، ئەی ئایا چۆن صەڵاواتتان لەسەربدەین؟ ئەویش فەرموی بڵێن:

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ.

هەروەها ئیمامی بوخاری ئەم فەرمودەیەی لە بەشی (التفسیر)یشدا ڕیوایەت کردووە لە تەفسیری سورەتی " ئەحزاب" دا، بەم شێوەیە: قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَمَّا السَّلاَمُ عَلَيْكَ فَقَدْ عَرَفْنَاهُ فَكَيْفَ الصَّلاَةُ عَلَيْكَ؟ قَالَ قُولُوا:

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ.

هەروەها ئیمامی بوخاری ئەم فەرمودەیەی لە بەشی (الدَعَوات)یشدا ڕیوایەت کردووە، وە ئیمامی موسلمیش ئەو فەرمودەیەی لە (كَعْبِ ی کوڕی عُجْرَة)وە ﵁ لە چەند ڕێگایەکی جیاوازەوە ڕیوایەت کردووە.

وە هەروەها ئیمامی بوخاری لە ڕێگەی (أَبو سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ)یشەوە لەم بارەیەوە فەرمودەی ڕیوایەت کردووە: قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَذَا التَّسْلِيمُ فَكَيْفَ نُصَلِّي عَلَيْكَ ؟ قَالَ قُولُوا :

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ عَبْدِكَ وَرَسُولِكَ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَآلِ إِبْرَاهِيم.

وە هەمان فەرمودەشی لە تەفسیری سورەتی ئەحزابدا لە (أَبوسَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ) یەوە ڕیوایەتی کردووە.

هەروەها ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا لە بەشی (الأنبياء)دا لە ( أبو حُمَيْد ی ساعِدِي)شەوە ﷺ فەرمودەی ڕیوایەت کردووە کە گوتویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن صەڵاوات بدەین لەسەرت؟ پێغەمبەریش ﷺ بەم شێوەیە فێری کردون: فقال رسول الله ﷺ قولوا:

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى أَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى أَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ.

هەر لە(أَبُوحُمَيْدٍ السَّاعِدِيُّ)یەوە ﷺ بە هەمان بێژ لە بەشی (الدعوات)دا ڕیوایەتی کردووە، وە ئیمامی موسلمیش هەر لە(أبوحميد الساعدي) یەوە ﷺ ئەم فەرمودەیەی لە صەحیحە کەیدا ڕیوایەت کردووە.

وە ئیمامی موسلم لە صەحیحەکەیدا لە(أَبُو مَسْعُودٍ الأَنْصَارِى)یەوە ﷺ ڕیوایەتی کردووە کە دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ هات بۆلامان کە ئێمە لە مەجلیسی "سەعدی کوڕی عوبادە"دا بوین، ئیتر "بەشیری کوڕی سەعد" لە پێغەمبەری ﷺ پرسی: خوای گەورە

فەرمانی پێ کردوین کە صەڵاوات بدەین لەسەرت، ئەی ئایا چۆن صەڵاوات بدەین؟ ئیتر پێغەمبەرﷺ ئەوەندە بێ دەنگ بوو تاکو گوتمان خۆزگە ئەو پرسیارەی هەر لێنەکردایە، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بڵێن:

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ فِي الْعَالَمِينَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ.

ئەمەش ئەو جێگایانە بوو کە لە صەحیحەکاندا ئەم فەرمودەیەی تیا ڕیوایەت کراوە، کە لەچوار ئەسحابەوەیە:(كعب بن عجرة، وأبو سعيد الخدري، و أَبُو حُمَيْدٍ السَّاعِدِيُّ ، وأبو مسعود الأنصاري).

وە بوخاری و موسلم لە فەرمودەکەی کە لەڕێگەی (كعب و أبو حُميد) ڕێکەوتوون، واتە ئەو فەرمودەیە (متفق عليه) یە، وە بوخاریش بە تەنها لە ڕێگەی (أبو سعيد)ەوە ڕیوایەتی کردووە، وە ئیمامی موسلمیش بەتەنها لە ڕێگای (أَبُو مَسْعُودٍ الأَنْصَارِي)ەوە ڕیوایەتی کردوە.

لە ڕاستیدا جگە لە ئیمامی بوخاری و ئیمامی موسلم، زانایانی تریش لەو چوار ئەسحابەیەوە ئەو فەرمودانەیان ڕیوایەت کردووە، لە ڕێگەی (كعب بن عجرة) ئەم بەڕێزانە ڕیوایەتیان کردووە:

(الإمام أحمد "ت ٢٤١ هـ"، والدارمي "ت٢٥٥ هـ"، وابن ماجه "ت٢٧٣ هـ "، وأبوداود "ت ٢٧٥ هـ "، والترمذي "ت٢٧٩ هـ "، والنسائي"ت ٣٠٣ هـ").

وە لەڕێگەی ( أبو سعيد الخدري)ـەوە ﵁ ، ئیمامی (النسائي، وابن ماجه) ڕیوایەتیان کردووە.

وە لەڕێگەی (أَبُو حُمَيْدٍ السَّاعِدِيُّ)ەوە ﵁ ئەم ئیمامە بەڕێزانە ڕیوایەتیان کردووە:(أبو داود، والنسائي، وابن ماجه) وە لە ڕێگەی (أبو مسعود الأنصاري)ەوە ﵁ ئیمامی(أبو داود، والنسائي، والدارمي) ڕیوایەتیان کردووە.

وە چۆنیەتی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ کۆمەڵێکی تریش لە ئەسحابەکان گێڕاویانەتەوە جگە لەو چوار ئەسحابەیەی سەرەوە ئەوانیش:(طلحة ی کوڕی عبيد الله و أبو هريرة و بريدةی کوڕی الحصيب و ابن مسعود) خوای گەورە لە هەمویان ڕازی بێت.

## باشترین و تەواوترین جۆری صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

بەڕاستی باشترین شێوازی صەڵاواتدان ئەو جۆرەیە کە پێغەمبەر ﷺ فێری هاوەڵەبەڕێزەکانی خۆی کردووە، لە کاتێکدا کە پرسیاریان لێ کردبێت دەربارەی چۆنێتی صەڵاواتدان لەسەری، بۆیە تەواوترینیان ئەو جۆرەیانە کە صەڵاوات بدرێت لەسەر پێغەمبەرو کەسوکاری ﷺ لەگەڵ صەڵاواتدان لەسەر ئیبراهیم پێغەمبەر عليه السلام و کەسوکاری.

لەو زانایانەش کە وەڵام دانەوەکانی پێغەمبەریان ﷺ کردووە بە باشترین شێوازی صەڵاوات(الحافظ اِبنُ حَجَر)لەکتێبی (فَتْحُ الباري) دا باسی کردووە.

دەڵێم: بۆیە ئەوەی کردووە بە بەڵگە کە ئەوە باشترین شێوازی صەڵاواتدانە، چونکە پێغەمبەر ﷺ خۆی فێری هاوەڵە بەڕێزەکانی کردوە کاتێك پرسیاریان لێکردووە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ هیچ جۆرێك بۆ خۆی هەڵنابژێرێت باشترین و پاکترین و چاکترینیان نەبێت، کەواتە ئەوەشمان بۆ ڕون دەبێتەوە ئەگەر یەکێك سوێند بخوات بڵێت باشترین جۆری صەڵاوات دەدەم لەسەر پێغەمبەر ﷺ، ئەوا باشترین ڕێگا بۆ نەکەوتنی سوێندەکەی ئەوەیە کە ئەو شێوازە هەڵبژێرێت کە پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی هەڵبژاردوە).

پاشان باسی ئەوە دەکات کە ئیمامی(النووي"ت٦٧٦هـ") لە کتێبی(الروضة)دا هەر ئەو جۆرەی بەباشترین صەڵاواتداناوە کە پێغەمبەر ﷺ خۆی

بۆخۆی بەباشی زانیوە، وە باسی ئەو شێوازانەی کردوە کە سوێندیان لەسەر ناکەوێت، پاشان دەڵێت: ئەوەشی کە دەبێتە بەڵگەی نەکەوتنی ئەو سوێندەی سەرەوە، ئەو فەرمودەیەیە کە ئەبوهورەیرە ﵁ بۆمان دەیگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَكْتَالَ بِالْمِكْيَالِ الْأَوْفَى إِذَا صَلَّى عَلَيْنَا أَهْلَ الْبَيْتِ فَلْيَقُلْ: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ وَأَزْوَاجِهِ أُمَّهَاتِ الْمُؤْمِنِينَ ، وَذُرِّيَّتِهِ وَأَهْلِ بَيْتِهِ ، كَمَا صَلَّيْت عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، إِنَّك حَمِيدٌ مَجِيدٌ(٥).

واتە: هەرکەس حەزدەکات بە باشترین پێوانە پێوانەبکات، ئەگەر ویستی صەڵاوات بدات لە سەرمان بابڵێت: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ وَأَزْوَاجِهِ أُمَّهَاتِ الْمُؤْمِنِينَ ، وَذُرِّيَّتِهِ وَأَهْلِ بَيْتِهِ، كَمَا صَلَّيْت عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّك حَمِيدٌ مَجِيدٌ. تەواو

---

(٥) قال (الشيخ عبد المحسن العباد) في(شرح سنن أبي داود) وهذه الصيغة التي جاءت عن أبي هريرة في رجالها من هو متكلم فيه، وهما حبان بن يسار و عبيد الله بن طلحة ، فالألباني رحمه الله ضعف الحديث بسببهما، وقال: إن من صحح حديثهما فقد وهم، يعني لما فيهما من الضعف الشديد. وقال الشيخ الألباني: (ضعيف): ضعيف أبي داود (٩٨٢)، ضعيف الجامع (٥٦٢٦).

## دوو شێوازی کورتکراوەی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەرﷺ

پێشینە باشەکانمان بەتایبەتی فەرمودەناسان، دوو شێوازی کورتیان بۆ تۆمارکردوین لە کاتی ناوهێنانی پێغەمبەرداﷺ، ئەو دوو شێوازەش ئەمانەن: (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەروەها(عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلامُ).

ئەم دوو شێوازەش سوپاس بۆ خوا لە کتێبی فەرمودەدا زۆرهاتووە، بەڵکو زۆرجار لە کتێبەکانیاندا ئەو ئامۆژگاری یە دەکەن کەپێویستە صەڵاوات بە تەواوترین شێوە بگوترێت، واتە وشەی (الصلاة) وە (السلام) هەردوو پێکەوە بگوترێت یان بنوسرێت، لە کاتی صەڵاواتداناﷺ .

ئیمامی (إِبنُ الصلاح"ت٦٤٣هـ.") لە کتێبی (علوم الحديث)دا دەفەرموێت: پێویستە لەسەر ئەوانەی کە فەرمودە دەنوسنەوە پابەندبن بە نوسینی(الصَّلاةُ وَالسَّلامُ) لەکاتی ناوهێنانی پێغەمبەرداﷺ ، وە بەچەندبارە بونەوەی بێزار نەبن، چونکە ئەو صەڵاواتدانە سودێکی زۆری هەیە بۆ فەرمودەناسان و نوسەرەوەکانیان، هەرکەسێکیش بێ ئاگابێت لەو سودە، ئەوا بەخت یاوەری نەبووە و چاکەیەکی زۆری لە کیس چووە).

تاکو ئەو شوێنەی کە دەڵێت: **هەروەها** دەبێت خۆی بەدور بگرێت لە دوو شێوازی ناتەواو لە نوسینی صەڵاواتدا **یەکەم** ئەوەیە کە بە ناتەواوی لە شێوازدا بینوسێت وەك ئەوەی کە بەپیتێك یان چەند پیتێك ئاماژەی بۆ بکات، **دووەمیان** ئەوەیە کە بە ناتەواوی لە واتادا بینوسێت، واتە بەتەنها بنوسێت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ) ئیتر(وَسَلَّمَ)ـە کەی بۆ نەنوسێت،

هەرچەندە لە نوسینی هەندێك لە نوسەرە كۆنەكانیشدا (متقدمين)ـەكاندا بەم شێوازە ببینێت. تەواو

وە ئیمامی نەوەوی لە كتێبی (الأذكار)دا دەفەرموێت: هەركەسێك ویستی صەڵاواتبدات لەسەر پێغەمبەر ﷺ ئەوا با بەتەواوەتی بنوسێت:(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەچێت كورتی بكاتەوە لە سەر یەكێكیان وەكو ئەوەی تەنها بنوسێت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ) یان تەنها بنوسێت (عَلَيْهِ السَّلام). تەواو

وە (اِبنُ كثير"ت٧٤٩هـ")یش لە كۆتایی تەفسیری سورەتی ئەحزاب دا ئەو گوتەیەی سەرەوەی ئیمامی نەوەوی هێناوەو پاشان دەڵێت: ئەم گوتەیەش لەم ئایەتەوە وەرگیراوە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا ٥٦﴾ [الأحزاب].

بۆیە باشترین شێواز ئەوەیە بگوترێت: (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَسْلِيماً).

وە ( فَيروز آبادي"ت٨١٧ هـ") لە كتێبی (الصِّلات والبُشَر في الصلاة على خير البَشَر)دا دەفەرموێت: نابێت كە بە هێما صەڵاوات بنوسرێت وەك ئەوەی كە هەندێك تەمبەڵ و نەزان و نەخوێندەوار دەنوسن (**صلعم**) لە بری ئەوەی بنوسن (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

# فەزڵی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

فـەرمودەی زۆریـش هـاتووە دەربـارەی فـەزڵی صـەڵاواتدان لەسـەر پێغەمبەر ﷺ (إسماعيل ی كوڕی إسحاق ی قاضي"ت٢٨٢هـ") زۆربـەیانی لـەكتێبێكی سـەربەخۆدا كۆكردۆتـەوە، وە(اِبْنُ حَجَر) لـە كتـێبی(فتح الباري)دا ئاماژەی بـۆ كردووە، لە كاتی شەرح كردنی ئەو فەرمودەیەی كە باسـی چۆنیەتی صەڵاواتدان دەكـات، كـەئیمامی بوخـاری لـە كتـێبی (صـحيح)دا لـە بەشـی (كتاب الدعوات)دا ڕیوایەتی كردووە، ئیتر لە فەرمودەی صەحیحەوە تاكو (جيد)ی هێناوە دەربـارەی فەزڵی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ.

وە (اِبْنُ حَجَر) وەك زانراوە لەو زانایانەیە كـە خوێندنەوەیـەكی بـاش و دەسـتێكی باڵای هەبووە لە پیاداچونەوەی كتێبی فەرمودەكانی پێغەمبەردا ﷺ، بۆیـە منـیش لێرەدا گوتەكانیتان بۆ دەهێنم لەم بارەیەوە، دەفەرموێت:

لـە دوو لایەنـەوە ئـەم فەرمودانـە دەبـن بـە بەڵگـە لەسـەر فـەزڵ و گـەورەیی صـەڵاواتدان لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ ، لەلایـەنی فـەرمان پێكردنـی پێغەمبـەر ﷺ بـەهاوەڵان، وە لەلایـەنی پرسـیاركردن و گرنگـی پێـدانی هـاوەڵان لـە چۆنیەتی صەڵاواتدان، هەرچەندە فەرمودەی زۆر هاتوون لـەم بارەیـەوە كـە سـەنەدەكانیان (قوي)ـن واتە بەهێزن، بەڵام بوخاری هیچیانی ڕیوایەت نەكردووە.

لــەو فەرمودانــەش، ئەوەیــە کــە موســلم ڕیوایــەتی کــردووە لــە ڕێگــەی ئەبوهورەیرەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((مَنْ صَلَّى عَلَيَّ وَاحِدَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ عَشْراً))[٦].

واتــە: هەرکــەس تــەنها یــەك صــەڵاواتم لەســەر بـدات، ئــەوا خــوای گــەورە(دە) صەلاوات دەدات لە سەری.

ولفظ أبي بردة: ((مَنْ صَلَّى عَلَيَّ مِنْ أُمَّتِي صَلَاةً مُخْلِصًا مِنْ قَلْبِهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرَ صَلَوَاتٍ ، وَرَفَعَهُ بِهَا عَشْرَ دَرَجَاتٍ ، وَكَتَبَ لَهُ بِهَا عَشْرَ حَسَنَاتٍ ، وَمَحَا عَنْهُ عَشْرَ سَيِّئَاتٍ))[٧].

واتە: هەرکەسێك لە ئوممەتەکەم یەك صەڵاوات بدات لەسەرم، بە هۆی ئەو صەڵاواتەوە خوای گەورە (دە) صەڵاواتی لەسەر دەدات.

وە ئەو فەرمودەیەی کە ئیبنو مەسعود رضي الله عنه دەڵێت پێغەمبـەر ﷺ فەرمویـەتی: ((إنَّ أَولى الناسَ بِي يَومَ القِيامَةِ أَكْثَرُهُمْ عَليَّ صَلاةً))[٨].

---

[٦] مسلم (١/٢٨٨).

[٧] له شاهد عن أنس عند أحمد والنسائي، وصححه ابن حبان، وعن أبي بردة بن نيار وأبي طلحة كلاهما عند النسائي ورواتهما ثقات. ولفظ أبي طلحة عنده نحوه وصححه ابن حبان. واورده الالباني في (الصحيحة ٣٦٦٠).

[٨] رواه الترمذي (٤٨٤)، وابن حبان (٩١١) قال الحافظ فى " الفتح " (١١ / ١٦٧) : حسنه الترمذى و صححه ابن حبان. وقال الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: حسن لغيره (١٦٦٨).

واتە: نزیك ترین کەس لە منەوە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو کەسەیە کە صەڵاواتی زۆرتری لەسەردابم .

وە فەرمودەکە پاڵپشتێکی تری هەیە کە ئیمامی البیهقي"ت٤٥٨ هـ" لە أبي أمامة وە ﵁ گێڕاویتیەوە بە بێژی: ((أَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلاَةِ فِي كُلِّ يَوْمِ جُمُعَةٍ فَإِنَّ صَلاَةَ أُمَّتِي تُعْرَضُ عَلَيَّ فِي كُلِّ يَوْمِ جُمُعَةٍ ، فَمَنْ كَانَ أَكْثَرَهُمْ عَلَيَّ صَلاَةً كَانَ أَقْرَبَهُمْ مِنِّي مَنْزِلَةً))[٩].

واتە: هەموو ڕۆژی جومعانێك صەڵاواتدانی ئوممەتەکەمم پێ نیشان دەدرێت، جا هەرکامیان زیاترین صەڵاواتی لەسەردابم، ئەوا نزیك ترینیانە لە منەوە.

هەروەها فەرمانیشی کردووە بە صەڵاواتدانی زۆر لەسەری لە ڕۆژانی جومعەدا، لەو فەرمودەیەدا کە(ئەوسی کوڕی ئەوس) دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: قَالَ رسول الله ﷺ : ((إِنَّ مِنْ أفْضَلِ أيَّامِكُمْ يَوْمَ الجُمُعَةِ، فَأكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلاَةِ فِيهِ؛ فَإنَّ صَلاَتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ))[١٠].

---

[٩] رواه الترمذي (٤٨٤)، وابن حبان (٩١١)، وقال الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: حسن لغيره (١٦٦٨).

[١٠] رواه أحمد في المسند: (٤ / ٨) وأبو داود بإسناد صحيح في السنن (١ / ٤٤٣ برقم: ١٠٤٧) والدارمي في السنن (١ / ٣٠٧ برقم: ١٥٨٠) ، وقال الإمام النووي إسناده صحيح. وصححه الحاكم في مستدركه (٢٧٨/١) ووافقه الذهبي. وصححه ابن حبان. وصححه العلامة الألباني ، انظر الإرواء رقم (٤).

هـەروەها لـەو فەرمودانـە کـە باسـی گـەورەیی صـەڵاوات دەکـەن پێغەمبـەر ﷺ دەفەرموێت: ((الْبَخِيلُ مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ))[١١].

واتە: ڕژدو چروك ئەو کەسەیە کە لەلایدا ناوی من دەبرێت و صەڵاواتم لەسەر نادات.

هـەروەها پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێت: ((مَنْ نَسِيَ الصَّلاةَ عَلَيَّ خَطِئَ طَرِيقَ الْجَنَّةِ))[١٢].

واتە: هەرکەس صەڵاواتدانی لەسەرم لە بیرکرد، ئەوا ڕێگەی بەهەشتی هەڵە کردووە.

هـەروەها پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێت: ((رَغِمَ أَنْفُ رَجُلٍ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ))[١٣].

واتە: لوتی بەخۆڵداچێ! ئەو کەسەی ناوی منی لەلادەبرێت و صەڵاواتم لەسەر نادات.

---

[١١] أخرجه الإمام أحمد. وأخرجه الترمذي في السنن وقال: هذا حديث حسن صحيح غريب. وأخرجه النسائي في عمل اليوم والليلة. وأخرجه ابن حبان في صحيحه. وأخرجه الحاكم في المستدرك وقال: هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه ووافقه الذهبي، أخرجه الطبراني في الكبير. وقال الألباني في صحيح سنن الترمذي (٣/ ١٧٧) حديث صحيح.

[١٢] أخرجه ابن ماجه عن ابن عباس، والبيهقي في الشعب من حديث أبي هريرة، وابن أبي حاتم من حديث جابر، والطبراني من حديث حسين بن عليّ، وهذه الطرق يشد بعضها بعضاً. قال الالباني في **(صحيح الترغيب والترهيب)** صحيح لغيره.

[١٣] أخرجه الترمذي في سننه وقال: "وهذا حديث حسن غريب من هذا الرجه". وأخرجه الحاكم في المستدرك وصححه ووافقه الذهبي. وأخرجه إسماعيل القاضي في فضل الصلاة على النبي ﷺ وقال الألباني في تعليقه عليه إسناده صحيح، رجاله رجال الصحيح.

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ فَماتَ فَدَخَلَ النارَ فَأَبْعَدَهُ اللهُ))[١٤].

واتە: ئەوەی ناوی منی لەلادا ببرێت و صەڵاواتم لەسەر نەدات، کەمرد دەخرێتە ناو ئاگرەوە، خوای گەورەش دوری دەخاتەوە. (لەڕەحمەتی خۆی یا لەبەهەشت).

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ((بَعُدَ مَنْ ذُكِرْتَ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَ))[١٥].

واتە: دورکەوتەوە ئەو کەسەی کەناوی منی لەلادەبرێت و صەڵاوات نادات لەسەرم.(لە ڕێگای ڕاست یا لە کاری خێر).

وە(طَبَرَاني"ت ٣٦٠ هـ") ئەو فەرمودەیەی ڕیوایەت کردووە لە جابرەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((شَقِيَ عَبْدٌ ذُكِرْتَ عِنْدَهُ وَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَ)) (صحيح لغيره).

واتە: بەدبەختە ئەو کەسەی کە ناوی منی لەلادەبرێت و صەڵاواتم لەسەر نادات.

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: مِنَ الجَفَاءِ أَنْ أُذْكَرَ عِنْدَ الرَّجُلِ فَلاَ يُصَلِّي عَلَيَّ[١٦].

---

[١٤] أخرجه الترمذي من حديث أبي هريرة بهذا الفظ.

[١٥] قال الشيخ الألباني: وقد اختلف على عبد الله بن علي بن حسين في إسناده كما أخرجه إسماعيل القاضي مبسوطاً لكن الحديث صحيح فإن له شاهداً من حديث أبي ذر، وآخر عن الحسن البصري مرسلاً بسند صحيح عنه، أخرجها القاضي، وثالث من حديث أنس عزاه الفيروز آبادي للنسائي، وقال: وهذا حديث صحيح–انتهى.

[١٦] عند عبد الرزاق من مرسل قتادة. أورده ابن القيم وعزاه لسعيد بن الأعرابي " جلاء الأفهام (ص ٣٠١) وأورده السخاوي في القول البديع (ص ١٥٢) وقال أخرجه النميري من وجهين من طريق عبد الرزاق وهو في جامعه ورواته ثقات. ضعفه الالباني انظر حديث (رقم : ٥٢٨٧) في ضعيف الجامع . وفي السلسلة الضعيفة برقم (٤٥١٦).

واتە: لە نیشانەی دڵڕەقیەتی، ئەوکەسەی کە لەلایدا ناوم ببرێت و صەڵاواتم لەسەر نەدات.

هەروەها ئەو فەرمودەیەی کە (ئوبەی کوڕی کەعب ﷺ) لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوێتیەوە فەرمویەتی: أن رجلاً قال: يَارَسُولَ اللهِ إِنِّي أُكْثِرُ الصَّلاةَ عَلَيْكَ، فَكَمْ أَجْعَلُ لَكَ فِي صَلاتِي؟ قال:(ما شئت) قال: الثلث، قال:(مَا شِئْتَ، فَإِنْ زِدْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ) إلى أن قال: أَجْعَلُ لَكَ كُلَّ صَلاتِي. قال: (إِذًا تُكْفَى هَمَّكَ)[١٧].

لەم بارەیەوە فەرمودەی زۆر گێڕدراونەتەوە بەڵام سەنەدەکانیان بێ هێزو لاوازن (ضعيفة و واهية)وە ئەو فەرمودانەش کە لەم بارەیەوە چیرۆك گێڕەرەوەکان خۆیان دایان ناوە و هەڵیانبەستووە ئەوە لە ژماردن نایەن، هەرچەندە ئەوەندە فەرمودەی صەحیحمان هەیە لەم بارەیەوە کە پێویستمان بەو فەرمودە هەڵبەستراوانە نییە) قسەکانی(الحافظ ابن حجر رحمه الله) تەواو.

وە لە فەرمودەکەی ئوبەی کوڕی کەعبدا کە دەفەرموێن:(فَكَمْ أَجْعَلُ لَكَ فِي صَلاتِي) واتە:(الدعاء).

---

[١٧] الحديث أخرجه أحمد وغيره بسند حسن. هذا اجيد من الأحاديث الواردة في ذلك. قال الإمام النووى فى " الرياض " ١ / ٢٠٩ : قال الترمذى : حديث حسن. وقال الشيخ الألباني : حسن.

## هەندێك لەو كتێبانەی كە لەبارەی صەڵاواتەوە دانراون

بەڕاستی زانایان هەمیشە گرنگیانداوە بەو پەرستنە مەزنە، بۆیە كتێبی سەربەخۆیان لەبارەیەوە داناوە، ئەوەندەی منیش بزانم یەكەم كەس كە لەم بارەیەوە كتێبی داناوە(پێشەوا إسماعیلی كوڕی إسحاق القاضي)ە كە لەساڵی (٢٨٢ك) كۆچی دوایی كردووە، كتێبەكەی بەناوی: (فضل الصلاة على النبي ﷺ)، ئەم كتێبە چاپكراوە بە تەحقیقی(الشيخ محمد ناصر الدين الألباني "ت ١٤٢٠هـ") كە (سەدو حەوت) فەرمودەی لە بارەی صەڵاواتەوە لە خۆگرتووە هەمووشیان سەنەدەكانیان لەگەڵدایە.

هەروەها لەو كتێبە چاپكراوانەیش كە بڵاون و لە بەردەستداهەن، كتێبی: (جَلاءُ الأفهامِ في الصَّلاةِ والسَّلامِ عَلى خَيْرِ الأَنَامِ) كە دانراوی (العلامة ابن القيم"ت ٧٥١هـ").

وە كتێبی(الصِّلات والبُشَر، فی الصلاة على خير البَشَر) كە لەنوسینی( فَيروز آبادي)یە خاوەنی فەرهەنگی (محيط).

وە كتێبی: (القول البديع في الصلاة على الحبيب الشفيع) كە (السخاوي) نوسیویێتی كۆچكردوی ساڵی ( ٩٠٢ك ).

وەكۆتایی بەم كتێبە هێناوە بەباسكردنی ئەو كتێبانەی كە دەربارەی صەڵاوات نوسراون، ئیتر كۆمەڵێكی زۆر باس دەكات و پێنجەم دانەیان لە ڕیزبەندیەكەیدا كتێبەكەی(ابن القيم)ە بە ناوی (جَلاءُ الأفهامِ في الصَّلاةِ والسَّلامِ عَلى خَيْرِ الأَنَامِ) لە دوای

نرخاندنی هەمو کتێبەکان دەڵێت: (وفي الجملة فأحسنها وأكثرها فوائد خامسها، يعني كتاب ابن القيم) واتە: بەگشتی باشترینیان و سود بەخشترینیان پێنجەم دانەیانە واتە کتێبەکەی ئیبنولقەییم.

دەڵـێم: بەڕاسـتی ئـەو کتێبـە کتێبێکـی بەنرخـە، چـونکە نوسـەرەکەی باسـی ئـەو فەرمودانەی کردووە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراونەتەوە، دەربارەی ئەو پەرستنە مەزنە کە صەڵاواتدانە، هەروەها باسی فەرمودەکانیشی کردووە لە بارەی بـە هێـزی و لاوازی، وە تێگەیشـتن لێیـان و سـود لـێ وەرگرتنیـان، وە دەربـارەی ئـەم کتێبـە لـە سـەرەتاکەیدا گوتویەتی: ئەم کتێبە لەم بابەتەدا تاکە، تاکو ئێستا کەس شتی وای نەنوسـیوە کەهێنـدە بەسودبێت، ئەو فەرمودانەمان تیا خستۆتە ڕوو کە لـە بـارەی صـەڵاواتدانەوە هـاتوون، وە باسی بە هێزی و لاوازی سەنەدەکانیشمان کـردووە، وە ئەوانـەیان کـە لاوازن باسـی هـۆی لاوازیەکانیانمان بە درێژی کردووە، پاشان باسی نهێنیـەکانی صـەڵاواتمان کـردووە لەگـەڵ شەرافەتمەندیەکانی وە باسی ئەحکامەکانی و سودەکانیمان کردووە، پاشان باسی شوێن و جێگەی صلاوات دانمـان کـردووەو باسـی ئـەو ئەندازەیـەی کـە واجبـەو جیـاوازی زانایـان تیایداو، پەسەندکردنی ڕاسترین بۆچـون لـەو بارەیـەوەو باسـی سـاختەی سـاختەکارانمان کردووە دەربارەی صەڵاوات، چونکە ئەو کەسەی کە لەم کتێبەدا باسی لێوە دەکەین لەوە بەرزترە کە ئێمە بتوانین وەسفی بکەین والحمد لله رب العالمين تەواو.

هەروەها لەو کتێبانەی کە دانراون دەربارەی صەڵاواتدان و لەسەر نەزانی بنیاد نراون، کە پێکهاتووە لە زۆرێك لە فـەزڵ و چـۆنیەتی صـەڵاواتدان لەسـەر پێغەمبـەر ﷺ کـە هـیچ

بەڵگەیەکی لەسەر نەهاتۆتە خوارەوە لە لایەن خوای گەورەوە، کتێبی (دَلَائِلُ الْخَيْرَاتِ) کە(الْجُزُولِيُّ) نوسیویەتی کۆچکردوی لەساڵی (٨٧٠) کۆچی.

ئەم کتێبە بە زۆربەی وڵاتاندا بڵاو بۆتەوە، نوسەری کتێبی (کشف الظنون) دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت: کتێبی دلائل الخيرات وشوارق الأنوار في ذكر الصلاة على النبي المختار "عليه الصلاة والسلام" کە لەسەرەتاوە دەست پێدەکات بە: الحمد لله الذي هدانا للإيمان...إلخ. لە نویسنی (أبو عبد الله محمد بن عبد الرحمن بن سليمان المتوفى سنة (٨٧٠هـ)ـە.

پاشان دەڵێت: ئەم کتێبە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی خوای گەورە دەربارەی صەڵاواتدان لە سەر پێغەمبەر ﷺ، وە بە بەردەوامی دەخوێندرێتەوە لە سەرتاسەری جیهاندا بەتایبەتی لە وڵاتی ڕۆم، پاشان باسی هەندێك لە شەرحەکانی ئەو کتێبەدەکات.

دەڵێم: گرنگی دانی خەڵك بەو کتێبەو ڕوتێکردن و خوێندنەوەی لەسەر بنچینەیەك نەبووە کە پشتی پێ ببەسترێت، بەڵکو بەهۆی نەزانی و(تقليد) لاسایی کردنەوەی یەکتریەوە بووە، بەڵکو وەکو گوتەکەی(الشيخ محمد الخضر بن مايابي الشنقيطي)ـە کە لە کتێبی(مشتهى الخارف الجاني في رد زلقات التجاني الجاني ) بەرپەرچی گوتەکەی (تەجانی) دەداتەوەو دەڵێت: خەڵکی هەمیشە پەرۆشی خۆشەویستییەکی کتوپڕن، بۆیە دەیانبینیت هەمیشە حەزیان لەو جۆرە صەڵاواتدانەیە کە لەو کتێبە و هاوشێوەکانیا هاتووە، کە زۆربەیان سەنەدەکانیان چەسپاو و صەحیح نین، وە پشت دەکەنە ئەو شێوازانەی کە لە

کتێبی صەحیحی بوخاریدا هاتووە، بۆیە کەم کەس دەبینیت لە خاوەن پلەو پایەکان لەو کتێبەوە شتیان گێڕابێتەوە، ئەمەش نیشانەی پەرۆشی خەڵکە بۆ کارە کتوپڕەکانەوە، بۆیە ئەگەر حسابیان بۆ باشترین شێواز بکردایە، ئەوا کەسێکی ژیر – یاخود شێخی بەڕێز – دەستیان بەرنەئەدا لەو صەڵاواتەنەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێمان گەیشتووە، بەشێوازێکی ڕون کە لەدوای پرسیارکردن لێی، ئایا چۆن صەڵاواتت لەسەر بدەین؟ ئەویش فەرمویەتی بەم شێوە بیڵێن، چونکە پێغەمبەر ﷺ بە هەواو ئارەزوی خۆی نەئاخاوتووە، گوتەکانی هەمووی نیگای خوایی بوون، بۆیە دەڵێم: لەو کتێبەدا خۆی بەدورگرتووە لە فەرمودە صەحیحەکان و ڕەنگە هەندێك لەو صەڵاواتەنەی لە خەوی پیاوباشانەوە وەرگرتبێت.تەواو

گومانیشی تێدانییە ئەو کارەی کە لە سوننەتدا هاتبێت، وە هاوەڵە بەڕێزەکان کردبێتیان و وەشوێنکەوتوانیان بەباشە پێی هەستابن، هەر ئەوە ڕێگای ڕاست و پەیڕەوی تۆکمەن، بۆیە سودی زۆر زیاترەو زیانیش لێی بەدورە، چونکە پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکی (متفق علیه) دا، کە لەعائیشەوە(رضي الله عنها) گێڕدراوەتەوە دەفەرموێت: ((مَنْ أَحدَثَ في أَمرِنا هذا ما لَيسَ مِنهُ فَهوَ رَدٌّ)).

وە لەو فەرمودەیەشدا کە موسلم ڕیوایەتی کردووە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيسَ عَلَيهِ أَمرُنا فَهوَ رَدٌّ)).

هەروەها ﷺ دەفەرموێت: ((عَلَيكُمْ بِسُنَّتِي وسُنّةِ الخُلَفاءَ الرّاشِدِينَ المَهدِيِينَ مِنْ بَعْدي، عَضّوا عَلَيْها بِالنَّواجِذ، وَإِيّاكُمْ ومُحْدَثاتِ الأُمور، فَإِنّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ)).

پاشان وەكو زانراوە پێغەمبەر ﷺ ئوممەتەكەی ئاگاداركردۆتەوە لەوەی كە نەكەن زیادەڕەوی لە بارەیەوە بكەن، بۆیە لە فەرمودە صەحیحەكەدا دەفەرموێت: ((لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ فَقُولُوا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)).

واتە: زۆرم پیاهەڵمەدەن هەروەك چۆن گاورەكان عیسای كوڕی مەریەمیان هەڵنا، بەڕاستی منیش بەندەی خودام، بۆیە پێم بڵێن: بەندەو نێردراوی خوا.

وە كاتێك كە كابرایەك بە پێغەمبەری گوت: مَا شَاءَ اللَّهُ وَشِئْتَ. واتە: بەویستی خواو تۆ. پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((أَجَعَلْتَنِي وَاللَّهَ نِدّا؟ بَلْ مَا شَاءَ اللَّهُ وَحْدَهُ)) .

واتە: ئەوە منت كردە هاوتای خوا؟ تەنها بڵێ بەویستی خوا.

بەڵام كتێبی (دلائل الخيرات) پڕە لە بابەتی هەمە چەشنە، لاواز و بەهێز و چاك وخراپی تێكەڵ كردووە، فەرمودەی (موضوع) و (ضعيف) یشی تێدایە، هەروەها لە سنور دەرچونی زۆری تێدایەو كەوتنە ناو ئەوهەڵانەی تێدایە كە خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ پێی ڕازی نابن، كارێكی كتوپڕیەو لە پەیڕەوی پێشینە باشەكان نییە.

## چەند جۆرێك لە صەڵاواتی داهێنراو لە كتێبی (دلائل الخيرات)دا

ئەوندەش بەسە كە لێرەدا ئاماژەبكەم بە هەندێك لەو شێوازە داهێنراوانەی لەو كتێبەدا هاتوون دەربارەی صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەری بەڕێزمان صلى الله وسلم وبارك عليه وعلى آله وأصحابه وأتباعهم بإحسان إلى يوم الدين، پاشان باسی چەند نمونەیەك دەكەم لەو فەرمودە هەڵبەستراوانەی كە باسی فەزڵ و چاكەی صەڵاواتدان دەكەن لەسەر پێغەمبەر ﷺ كە زمانی زۆر لەوە پاكترە كە ئەو گوتانەی پێ ببێژێت.

لەو شێوازانەی كە لەو كتێبەدا هاتوون ئەمانەن: اللهم صلى على محمد وعلى آل محمد حتى لا يبقى من الصلاة شيء، وارحم محمداً وآل محمد حتى لا يبقى من الرحمة شيء، وبارك على محمد وعلى آل محمد حتى لا يبقى من البركة شيء، وسلم على محمد وعلى آل محمد حتى لا يبقى من السلام شيء.

لەم صەڵاواتەدا كە دەڵێت:حتى لا يبقى من الصلاة والرحمة والبركة والسلام شيء.
واتە: ئەوەندە صەڵات و سەلامت لێبێت تاكو صەڵات و سەلام و ڕەحمەت و بەرەكەت تەواو دەبن و لەبن دێن. ئەم گوتەیەش خراپترین و بەتاڵترین گوتەیە، چونكە ئەو فەرمانانە لەبن نەهاتوون و هەرگیز تەواو نابن.

چۆن (جەزوەلی) دانەری ئەو کتێبە دەڵێت، تاکو ڕەحمەت نامێنێت و لەبن دێت، لە کاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ ۚ ﴿١٥٦﴾﴾ [الأعراف].
واتە: فراوانی ڕەحمەتم هەموو شتێکی گرتۆتەوە.

وە لە لاپەڕەی (٧١) دا دەڵێت: اللهم صل على سيدنا محمد بحر أنوارك، ومعدن أسرارك، ولسان حجتك، وعروس مملكتك، وإمام حضرتك، وطراز ملكك وخزائن رحمتك...إنسان عين الوجود والسبب في كل موجود... .

وە لە لاپەڕەی (٦٤) دا دەڵێت: اللهم صلى على من تفتقت من نوره الأزهار...اللهم صل على من أخضرت من بقية وضوئه الأشجار، اللهم صل على من فاضت من نوره جميع الأنوار.

کە ئەم شیوازانە پێغەمبەر ﷺ خۆی پێیان ڕازی نەبوە چونکە فەرمویەتی:لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ فَقُولُوا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ[١٨].

هەروەها لە لاپەڕەی (١٤٤ و ١٤)دا دەڵێت : اللهم صلى على محمد وعلى آل محمد ما سجعت الحمائم، وحمت الحوائم، وسرحت البهائم ونفعت التمائم، وشدت العمائم، ونمت النوائم .

---

[١٨] أخرجه البخاري في صحيحه.

لەم صەڵاواتەدا کە دەڵێت (ونفعت التمائم) ئاماژەی کردووە بە نوشتەو چاوەزار، هەرچەندە پێغەمبەر ﷺ چاوەزاری حەرام کردووە و فەرمویەتی: مَنْ تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَلا أَتَمَّ اللَّهُ لَهُ[19].

## چەند فەرمودەیەکی هەڵبەستراو کە لەکتێبی (دلائل الخيرات)دا هاتووە

لێرەدا چەند نمونەیەك دەهێنمەوە لە فەرمودەی (موضوع) و (ضعيف جداً) کە لەو کتێبەدا هاتوون، وە گوتەی زانایان لەسەر ئەو فەرمودانە دەهێنم کە لە بارەیانەوە گوتراوە، ئەمەش مشتێکە نمونەی خەرمانێکە.

لە لاپەڕە (١٥) دا دەڵێت: وروي عنه ﷺ أنه قال: من صلى عليّ صلاة تعظيماً لحقي خلق الله ﷻ من ذلك القول ملكاً له جناح بالمشرق والآخر بالمغرب، ورجلاه مقرورتان في الأرض السابعة السفلى، وعنقه ملتوية تحت العرش يقول الله ﷻ له: صل على عبدي كما صلى على نبيي فهو يصلي عليه إلى يوم القيامة.

[19] أخرجه أحمد في مسنده (١٥٤/٤) وقال شعيب الأرنؤوط: حديث حسن وهذا إسناد ضعيف لجهالة خالد بن عبيد – المعافري. والهيثمي في المجمع (١٠٣/٥) وقال: رواه أحمد وأبو يعلي والطبراني ورجالهم ثقات. والحاكم في مستدركه (٢١٦/٤) وقال هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه ووافقه الذهبي. والحديث حسن لغيره– راجع الترغيب للمنذري وهامشه (٢٠٢/٤–٢٠٣) بتحقيق محي الدين مستو وآخرين. و تحفة الأحوذي (٢٠١/٦) والضعيفة للألباني ح(١٢٦٦).

وە لەلاپەڕەی (١٦) دا دەڵێت: وقال النبي ﷺ: ما من عبد صلى عليّ إلا خرجت الصلاة مسرعة من فيه، فلا يبقى بر ولا بحر ولا شرق ولا غرب إلا وتمر به وتقول: أنا صلاة فلان ابن فلان، صلى على محمد المختار، خير خلق الله، فلا يبقى شيء إلا وصلى عليه، ويخلق من تلك الصلاة طائر له سبعون ألف جناح، في كل جناح سبعون ألف ريشة، في كل ريشة سبعون ألف وجه، في كل وجه سبعون ألف فم، في كل فم سبعون ألف لسان يسبح الله تعالى بسبعين ألف لغة، ويكتب الله له ثواب ذلك كله.

ئەو دوو فەرمودەیەی سەرەوە کە لە کتێبی (دلائل الخيرات) دا هاتوون، ئەو گوتەیەی زانای پایەبەرز ( ابن القيم " رحمه الله ") ی بەسەردا دە چەسپێت کە لەکتێبی (المنار المنيف) دا دەڵێت: والأحاديث الموضوعة عليها ظلمة وركاكة، ومجازفات باردة تنادي على وضعها واختلاقها.

واتە: فەرمودەی لاواز خۆی هاواردەکات چونکە لاوازی و لێڵیان پێوە دیارە، وە هەڵەشەیی و ساردوسڕی پێوە دیارە کە نیشانەی هەڵبەستن و دروستکردنێتی.

پاشان چەند نمونەیەك بۆ ئەم گوتەیەی دەهێنێتەوەو دەڵێت: ئێمە لێرەدا لە هەندێك یاسای گشتی ئاگادارتان دەکەین کە فەرمودەی هەڵبەستراوی پێ دەناسرێتەوە، لەوانەش: پڕن لەو هەڵەشەییانەی کە دیارە پێغەمبەر ﷺ شتی وا ناڵێت، کە نمونەی زۆر زۆرە لەوانەش کە لەم فەرمودە هەڵبەستراوەدا هاتووە: من قال لا إله إلا الله خلق الله من تلك الكلمة طائراً له سبعون ألف لسان، لكل لسان سبعون ألف لغة يستغفرون الله له، ومن فعل كذا

وكذا أعطي في الجنة سبعين ألف مدينة، في كل مدينة سبعون ألف قصر، في كل قصر سبعون ألف حوراء.

نمونەی ئەم هەڵەشەیی و ساردو سڕیەش ئەوانەی کە هەڵی دەبەستن لە دوو لایەن بەدورنین، **یەکەمیان** ئەوەتا لەوپەڕی گێلی و نەفامیدان، یان کەسانێکی لە دین دەرچون (زَندیق)ـن و مەبەستیانە بەم کارانەیان ڕەخنە بهێننە سەر پێغەمبەرمان ﷺ .

هەر لەو زانایانەی کە حوکمی بێ بنەمایی داوە بەسەر ئەو جۆرە فەرمودانەدا فەرمودە ناسی هاوچەرخ (أبو الفضل عبد الله الصديق الغماري)ـە کە لەو تێبینیانەدا کە لەسەر کتێبی (بشارة المحبوب بتكفير الذنوب "للأذرعي") دا دەڵێت:

تێبینی: لە زۆربەی ئەو فەرمودانەدا کە هاتووە، هەرکەس کارێکی ئاوا بکات ئەوا خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دروست دەکات و تەسبیحات و سوپاسی خوادەکات، لەم جۆرە فەرمودانە. هەمووی بەتاڵن"أحاديث باطلة".

لێرەدا وای گوتووە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە کتێبی(خواطر دينية) وەسفێکی زۆری کتێبی (دلائل الخيرات)ی کردووەو گوتویەتی وەکو تیشکی ڕۆژ پەخش بووە.

## بەگەورە دانانی سوننەت لەلای پێشینەکان و نهێنی سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنانیاندا، بە پێچەوانەی موسوڵمانانی ئەمڕۆوە

جا حەزم کرد کۆتایی ئەم باسەم بە بەشێك لەو نوسراوەم بێنم کە ڕاڤەی ئەو فەرمودەیەم تیا کردوە کە لە(کَعْبی کوڕی عُجْرة رضي الله عنه) گێڕدراوەتەوە دەربارەی چۆنیەتی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ ، ئەو فەرمودەیەش حەڤدەیەمین فەرمودەیە لەو بیست فەرمودەیەی کە لە کتێبی (صحیح مسلم) هەڵمبژاردون و ناوم ناوە(عشرون حديثاً من صحيح مسلم دراسة أسانيدها وشرح متونها) بفەرموون ئێوەو ئەو باسە:

گوتەکەی (کَعْبِی کوڕی عُجْرَةَ رضي الله عنه) کە بە(ابْنِ أَبِي لَيْلَى)ی گوت، **ئایا دیاریەکت پێشکەش نەکەم؟** ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە فەرمودەکانی پێغەمبەرو کارپێکردنی سوننەتەکانی ﷺ ، یەکێك بووە لە بەنرخ ترین و خۆشەویست ترین شت لەلایان.

بۆیە کەعب بە شێوازێکی ئاگادار کەرەوە بە (ابْنِ أَبِي لَيْلَى)ی ڕاگەیاند، لە بەر گرنگی ئەو شتەی کە پێی دەڵێت، بۆ ئەوەی ئەویش ئامادەبێت بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی و پاراستنی.

لەبەر ئەوەی کە پێشینەکان گرنگیەکی زۆریان دەدا بە سوننەتی پێغەمبەرەکەیان و سوربون لەسەری و بەنرخ ترین دیاری و خۆشەویست بووە لە دڵەکانیاندا و سوربوون

لەسەر کارپێکردنی، هەر بۆیە ئەوان بونە سەرکردەی سەرجەم ئوممەتەکان، وە پێشەنگی جیهان، هەمیشە سەرکەوتن بەشیان بووە، وە شانوشەوکەت و سەرکەوتن هەمیشە بۆ ئیسلام و موسوڵمانان بوو، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿إِن تَنصُرُوا۟ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴿٧﴾﴾ [محمد].

واتە: ئەگەر هەوڵی سەرخستنی دینی خوا بدەن ئەوا خواش سەرتان دەخات و دامەزراوو سەربەرزتاندەکات.

بەداخەوە کە لەم ڕۆژگارەماندا پێچەوانەکەی دەبینین، ژیانی بەژانی موسوڵمان پڕێتی لە ڕسوایی و سەرشۆڕی و لاوازی وکزی و بێ دەسەڵاتی، بە هۆی دەست هەڵگرتن و دورەپەرێزی لە زانستە شەرعیەکانەوە، بڕێکی کەمیان نەبێت کە بەڕەحمی خوا پەیوەستن پێوەی، جا چونکە بەم شێوەیەیان لێهاتووە دوژمنانیان حسابی پوش برنحیان بۆدەکەن، وە ترسنۆکییان پێوە دیارە هەرچەندە پێشینەکانیان بەهەیبەت بوون، وە داگیرکراون هەر لەناو چەقیماڵەکانی خۆیاندا بە دەستی دوژمنانیان و بەدەستی ئەو منداڵانەیان کە خۆیان پەروەردەیانکردوون .

بۆیە ئەگەر کەسێکی ژیر جوان ورد ببێتەوە لەو فەرمودەیە بۆی دەردەکەوێت کە لەلای پێشینەکان سوننەتی پێغەمبەرمان ﷺ چەندە بەنرخ و بەبەها بووە، وە لە دڵیاندا چەندە بەگەورەیان زانیوە، وە بە باشترین دیاری و خەڵاتیان زانیوە، وە تەماشای زۆرێک

لە موسوڵمانی ئەم سەردەمەمان بکات، کە چۆن گیرۆدە بوون بە دورکەوتنەوە لە شەرعی خواو حوکم کردن بە جگە لەو شەرعە.

دەڵێم: ئەگەر کەسێکی ژیر تەماشای حاڵی هەردوولا بکات، ئەوا نهێنی سەرکەوتنی ئەوانی بۆ دەردەکەوێت بەسەردوژمنانیاندا لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەژمارە و بەتفاقیش کەمبوون، وە نهێنی دۆڕاوی ئەمانیشی بۆ دەردەکەوێت هەرچەندە بەژمارەش زۆرن بەرامبەر دوژمنانیان.

هەرگیز موسوڵمانان هەڵناسنەوەو سەرکەوتوو نابن تاکو نەگەڕێنەوە بۆ دەسگرتن بە کتێبەکەی خواو سوننەتە صەحیحەکانی پێغەمبەرەکەی ﷺ، وە فڕێدانی هەموو یاسایەکی تر جگە لەو شەریعەتە، وە دورکەتنەوە لەهەموو کاڵایەکی بێسود کە لەدەرەوە بۆیان دەنێرن، و پاك کردنەوەی خۆیان و وڵاتەکەیان لێی.

داواکارم لەخوای گەورە پەروەردگاری عەرشی گەورە، کە یارمەتی سەرجەم موسوڵمانان بدات کە بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی پەروەردگاریان و سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەیان ﷺ، وە بۆ بەدەست هێنانی هۆکارە ڕاستەقینەکان کە دەبنە مایەی سەرکەوتن و زاڵ بون بەسەر دوژمنەکانیاندا، خوای گەورە بیسەرەو وەڵام دەریشە، وە لەکۆتایدا سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانەکان.

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ

اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ